# ئەی باوکە، نوێژت ئەنجامداوە لە پشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر وعومەر وعوسمان وعەلی لێرەدا لە کوفە نزیکەی پێنج ساڵ، ئایا لە نوێژی بەیانیدا قنوتیان دەکرد؟ ووتی: ئەی کوڕم، داهێنراوە (بیدعەیە)

لە ئەبی مالیک ئەلئەشجەعی سەعد کوڕی تارقەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: «ئەی باوکە، نوێژت ئەنجامداوە لە پشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وئەبوبەکر، وعومەر، وعوسمان، وعەلی لێرەدا لە کوفە نزیکەی پێنج ساڵ، ئایا لە نوێژی بەیانیدا قنوتیان دەکرد؟ ووتی: «ئەی کوڕم، داهێنراوە (بیدعەیە)».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەگەر قنوت خوێندنی نوێژی بەیانی بەهۆی ڕووداوێکەوە نەبێت کە ڕوویداوە وپێویستە مسوڵمانان نزا بکەن بۆئەوەی خوای گەورە ئەو ناخۆشییەیان لەسەر لا ببات؛ ئەوا بیدعەیە وداهێنراوە. شێخی ئیسلام (ئیبن تەیمیە) دەڵێت: تەنها لە نوێژی ویتردا قنوت دەکرێت، مەگەر ڕووداوێکی ناخۆش ڕووبدات بەسەر مسوڵماناندا، لە کاتەدا هەموویان لە هەموو نوێژەکان قنوت دەکەن، بەڵام لە نوێژی بەیانی وئێوارە زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە، و بە دڵنیاییەوە زانراوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە هیچ یەکێک لە نوێژەکان بە بەردەوامی قنوتی نەدەکرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10935

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee